

# سیاسەتمەدار لەروانگەی هانا ئارێنتەوە

**زهير الخويلدى**
**لە عەرەبییەوە: ئارام ئەمین شوانی**

**«پلۆرالیزم مەرجێکی سەرەکی هەموو ژیانێکی سیاسییە».**

مەسەلەکە پەیوەستە بە فراوانبوونی بیابان و بەرەنگاربونەوەی مێرگ بۆ ئەم فراوانبوونە، بیابان هێمای وشکەساڵی و قاتوقڕیە و قەڵەمڕەوی ترس و برسیەتی و تینویەتی و بێ ئارامی و کەمی دەرفەتی ژیان و کوشتنی هیوایە، بەڵام مێرگ ئاماژەیە بە ژیان و ئاو و بەپیتی و ئاسودەیی و مرۆڤ و قەڵەمڕەوی ئارامی و ئاسایش و نێوکەس و کارە، بەشێوەیەک هۆز سیستەمی بەهایی خۆی برابەش بەسەر میوانەکانیدا دابەشدەکات، هانا ئارێنت لەرێگەی ئەو خوازەیەوە رێگەی خۆی لە فەلسەفەی پراکتیکیدا بەرەو وەڵامی ئەم پرسیارە گرتە بەر: ئایا هێشتا زانستی سیاسەت مانایەکی هەیە؟، ئارێنت سیاسەتی وەک چاندنی هیوا لە ژیانی هاوبەشدا وەسفکردووە، سەرەڕای هەمەجۆری و فرەیی نێوان مرۆڤەکان و وێڕای فراوانبوونی بیابان و ڕاماڵینی لافاوی نەبوون، نامەکانی بۆ کارل یاسپێرز و مارتن

هایدگەر، بەرەو ئەم مەبەستەبوون و هەموو جارێک ترسەکانی خۆی تێدەپەڕاند و سیاسەتی تۆتالیتاری و جەنگی هەڵگیرساوی بێ پاساوی مرۆیی و بێ هیچ پێویستی ژیانی سەرکۆنە دەکرد. ئارێنت پێیوابوو دەبێ دەروازەیەک بۆ سیاسەت بنوسین، تا هاوکاری سیاسەتمەداران بکەین و وایان لێ بکەین بە لێهاتوویی سەرقاڵی سیاسەت بن و هەموو ڕێگەیەک بگرنە بەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر شێوەیەکی تۆتالیتاری. ئەو دۆخەی لێواری تەقینەوە بەس بوو تا زووبەزوو دەستبداتە نوسینی نامەیەک لەبارەی فەلسەفەی ئۆگەستین، تا دواتر بە کتێبێک لەبارەی (مەرجی مرۆڤی هاوچەرخ)ی بەدوادا بێ، لەوێدا زۆر لێهاتووانە ئەگەری کاریگەری بیروباوەڕە فەلسەفیەکان لەسەر واقیع و گۆڕینی شێوەی مێژوو بەگوێرەی پلانڕێژیەکی لەپێشەوە داڕێژراو لێکجیاکردوەتەوە، وەک ئەوەی ئایدیالیزمی ئەڵمانی لە کۆپیە چەپە هێگڵیەکەیدا بانگەشەی بۆ دەکات. ئەم خانمە فەیلەسوفە هەر لەسەرەتاوە بانگەشەی دامەزراندنی رەتکردەوە کە لای هەندێ فەیلەسوف وابەستەی وەهمی پێشڕەویەتی و تاکڕەوی پێشینەبوو و هاواری ئەو کارەساتەی بوو، کە دوای هەڵکشانی رەوتی نائەقڵانیەکان بەسەر زەویدا هاتبوو، لەفیکری ئۆگەستیندا ئەو ساتەی دۆزیوە، کە تیایدا سێینەی رۆمانی دەتەقێنەوە: ئایین و دەسەڵات و کەلەپور، وێنای خەیاڵ وەک گوزارشتێک لەو ژیانە چالاکەی کە تیایدا مرۆڤ وەک ئاژەڵێکی سیاسی دەردەکەوێ و ئەرەستۆ ناوی لێناوە «ژیانی تەرخانکراو بۆ کاروباری گشتی سیاسی»، هەروەها لەبارەی پرسیاری ئایا هێشتا سیاسەت مانایەکی هەیە؟ ئارێنت لەوەڵامدا دەڵێ:» مانای سیاسەت برێتیە لە ئازادی»، بەمانای ئەوەی ئازادی کاتێک بەدیدێ کە مرۆڤ کاری سیاسی خۆی تەواو دەکات و بەهۆی سیاسەتەوە دەگاتە ئامانج و مەبەستەکانی خۆی، هانا پێیوایە سیاسەت لەسەر واقیعیەتێکی فرەیی مرۆیی وەستاوە، «بەژمارەی میللەتان، جیهان هەیە»، چونکە خوا مرۆڤی بە یەکێتی ئافراند، بەڵام خەڵکی بەرهەمی سروشتی مرۆییە، کە لە کۆمەڵەگەلێکی سەرەکی کۆبوونەتەوە و لەشێوەی ئاشوبێکی گشتی جیاوازییەکاندا، بەمانایەکی دیکە ئەوانە بەرهەمی مرۆڤی سەرزەویە.

لێرەوە سیاسەت دێ تا لە کۆمەڵی مرۆیی بکۆڵێتەوە، وەک کۆمەڵێک بونەوەری جیاواز و یەکترتەواوکەر، ئەرکی سیاسەت لە دامەزراندنی جیهانێکی روون خۆی دەنوێنێ، کە تیایدا بونەوەری جیاواز رێکدەخات، بەلەبەرچاوگرتنی مافە یەکسانەکانیان، کاتێک لەهەمەجۆری رێژەییان دادەماڵدرێن، ئارێنت لەم بارەوە دەڵێ: «مرۆڤ لە سیاسەتدا بوونی نییە، مەگەر ئەوەی هەمان ئەو مافە بەدەستنەهێنێ، کە کەسانی دیکەی زۆر لەو جیاواز بۆی دەستەبەر دەکەن. سەرەڕای



هایدگەر

ئەو فرەیی و جیاوازیەش، بەڵام قایلبوونێک بەو دۆخە یاساییە هەیە»، بەڵام ئەو شێوانەی لێرەدا دەخرێنە روو لە ئێپەڕاندنی فەلسەفەی سیاسی و قایلبوونی بە زانستی سیاسەت لەلایەن ئارێنتەوە خۆی دەنوێنێ، جا چۆن ئەو تەفسیر و ئەپسنراکتە زوهدگەرایە راڤە بکەین؟

ئارێنت، سیاسەت -کە پێیوایە پڕە لەدرۆ و وەهم- جیادەکاتەوە لە سیاسەتمەدار کە پێیوایە کرۆکی ژیانی چالاکی مرۆییە، دان بەوەشدا دەنێ، کە لە فەلسەفەدا شوێنێکی گونجاو نییە بۆ لەدایکبوونی سیاسەت، چونکە شیکاری فەلسەفی ناگاتە هەمان قوڵی و مانای قوڵاییش لەفەلسەفەکەیەوە بۆ فەلسەفەیەکی دیکە جیاوازە و دان بەوەشدا دەنێ، کە فەلسەفە دوو هۆکاری بەجێی بەدەستەوەیە ،کە پاساوی بێ توانایی فەلسەفە لە پەیبردن بە ماهیەتی سیاسەتمەدار دەدەن، هۆکاری یەکەم لەوەدا خۆی دەنوێنێ، کە مرۆڤ ناسیاسیە و سیاسەت لەگەڵ ئەو فەزایەدا لەدایک دەبێ، کە خەڵکی زۆری تێدایە، واتە مەسەلەکە پێویستی بە تایبەتمەندییەکە بەزەرووڕەت دەکەوێتە دەرەوەی سروشتی مرۆیی، هۆکاری دووەم بریتیە لە وێنای یەکتایی خودا و تەنها ئەو مرۆڤە بوونی هەیە، کە خودا لەسەر وێنەی یەکڕەنگی خۆی دروستیکردوون، بەڵام خەڵکی تەنها وێنەیەکی پێچەوانەی ئەو مرۆڤە یەکڕەنگەن، هەندێ لە فەیلەسوفان هەوڵیانداوە لەو دیدگا سەرتاپاگیرە قوتاریان بێ، ئەوەش بە خستنەناوەوەی مێژوو بۆ ناو سروشتی مرۆیی و ئاوەژووکردنەوەی پەیوەندی نێوان ماهیەت و بوون، بەشێوەیەک چیتر ماهیەت نییە، کە دەکەوێتە پێشەوەی بوون، بەڵکو بوونەکە دەکەوێتە پێش ماهیەتەوە، بەڵام بێ هودەبوو و فەلسەفە هەر بە دەست داخرانی فەزای میتافیزیکی جیهانەوە دەیناڵاند.

لێرەدا ئارێنت هەوڵدەدا رەهەندی ئایینی لە شیکاریەکەدا بەکاربهێنێ، ئەوەش بەجەختکردنەوە لەسەر ئەوەی خودایە، کە گەل و نیشتیمان و نەژادەکانی بەجیاوازی و هەمەجۆریەوە دروستکردووە و فەلسەفەی سیاسەتیش لەبەرامبەر ئەم پێدراوەدا ناتوانێ هیچ بکات، بەڵکو ئەو مرۆڤەی کە لە وێنەی خودا دروستکراوە، توانایەکی داهێنەرانەی هەیە لە رێکخستنی خەڵکی لەسەر شێوەی رێکخستنی خوداییانەی ئافرێنراوەکانی. لەم خاڵەدا ئارێنت لە فەلسەفەی سیاسیەوە دەچێتە سەر ئەو زانستی سیاسەتەی کە پێیوایە رێگەیەکی دڵنیایە بۆ پەڕینەوە بەرەو زێدی سیاسەتمەدار، بەڵام دووچاری بێ ئومێدی بوو و کۆمەڵێک بەربەست و ئاستەنگی هاتەرێ، گرنگترینیان ونبوونی یەکجارەکی سیاسەتمەدار لە جیهان و گەشەسەندنی ترس لای مرۆڤایەتی لەو ئامرازە توندوتیژئامێزانەی، کە بەهۆیەوە پیاوانی سیاسەت کاروباری گشتی پێ بەڕێوە دەبەن، هەروەها هەژموونی حوکمی پێشوەحتە بەسەر فەزای سیاسیدا، بەشێوەیەک چیتر تێگەیشتن لەجیهان تێگەیشتنێکی سیاسییانە نییە و چیتر بەشێوەیەکی سیاسیانە ناجوڵێنەوە، ئارێنت لەو بارەوە دەڵێ: «ئەگەر ویستمان ئەمڕۆ قسە لەسەر سیاسەت بکەین، ئەوە دەبێ لەدەرگای ئەو حوکمە پێشوەختانە بدەین، کە هاوکار و پشتیوانی سیاسەتن». لەنێو حوکمە پێشوەختەکانی ناو شیکاری سیاسی ئەمڕۆ ئەوەیە، کە جوو بریتیە لە زایۆنیزم و عەرەب لەنێو پلانگێڕیەکی رەهادایە و ئیسلام بریتیە لە تیرۆر و بیرۆکەی ناسیۆنالیزم بیرۆکەیەکی شۆڤینانەیە و مارکسیزم توتالیتارە و لیبرالیزم نەرمونیانە. سەرەڕای ئەوەی ئارێنت شیکاری زانستی بەکاردەهێنا، کە هاوکاری بوو لە بەوردی دیاریکردنی دەردەکانی سیاسەتی هاوچەرخ، کائێک پەنجەی خستە سەر دەردەکە و بینی

**ئازادی کاتێک کاتێک بەدیدێ کە مرۆڤ کاری سیاسی خۆی تەواو دەکات و بەهۆی سیاسەتەوە دەگاتە ئامانج و مەبەستەکانی خۆی**

## ئەگەر جیهانی سیاسی بەگوێرەی وێنەی خێزان ڕێك بخرێ، ئەوە دەرفەتێك بۆ دەرکەوتنی تاك نامێنێتەوە

«شکستی سیاسەت دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی پەرەسەندنی لایەنە سیاسییەکان لە بنەڕەتدا پشت بە وێنەی خێزان دەبەستن، ئەگەر جیهانی سیاسی بەگوێرەی وێنەی خێزان ڕێک بخرێ، ئەوە دەرفەتێک بۆ دەرکەوتنی تاک نامێنێتەوە، سیاسەت لەریشەوە جیاوازە و دوور لە هاوکاری پەیوەندی کەس و کار سەرهەڵدەدا. لایەنە خراپەکانی کۆمەڵگەی خێزان و هۆز ئەوەیە، کۆمەڵگەیەکی داخراوە و وەک پەناگە و کەمپ دێنەبەرچاو و وا لەخەڵکی دەکات خەسڵەتی فرەیی و جیاوازی و هەمەجۆری لەدەست بدەن، کە خەسڵەتێکی مرۆیی رەسەنە و ناکرێ بێ هیچ باجێک لەدەستبدرێ. ئەم خانمە نوسەرە پێیوایە کاری سیاسەتمەداری ملکەچی وێنەی خێزان لەکاروهەڵسوکەوتیدا، ئینتیما و بەرژەوەندی و نزیکایەتی کاریگەریان دەبێ بەسەر بوێری و توانست و توانای وەلەسنۆگرتنی بەرپرسیارەتی و دەیەوێ لە جەماوەردا کەسانێکی وەکو خۆی ببینێ و نایەوێ لەکۆمەڵگەدا ناقە مرۆڤێکیش دەربکەوێ، کە خەسڵەت و تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی و جیا لە خەڵکی دیکەی هەبێ، ئارێنت لەم بارەیەوە دەڵێ: لەوەها دۆخێکدا لە بری ئەوەی مرۆڤ دروست بکەین، ئامانجمان دروسنکردنی مرۆڤێکی وەک وێنەی خۆمانە».

هەروەها کەموکوڕی سیاسەتمەداری ئەم زەمانە ئەوەیە، لەسۆنگەی بونیادی خێزانەوە کار لەسەر دامەزراندنی بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئیداری دەکەن و وەک ئەو شێوەیەی کە خێزان بەهۆیەوە ئەوپەڕی کامەرانی مادی و روحی وەدیدێنێ، ئەمانیش ئاوا لە ژیانی سیاسی نمونەیی ئێدەگەن. لەو سۆنگەیەوە ئارێنت ڕێز و کەرامەتی مرۆڤی هاوتەریبی ئازادی دەکرد و پێیوابوو ئەسنەمە لە سیاسەتی ئەمڕۆدا کایەیەکی کراوە، هەبێ بێ زۆرەملێ و فشار و ناچارەکی ئازادی مرۆڤی تیادا فەراهەم ببێ، چونکە بۆ ئەوەی بەو کایەیە بگەین و ئەو داخوازیە بەدیبێنین، دەبێ دەست بە سیاسەتێکی پێگەیشتوانەوە بگرین و حەتمیەتی مێژوویی بخەینەڕوو و ئەو داخوازییە نەکردەنیانە هەڵوەشێنینەوە، چونکە مرۆڤی ئێستا لەلایەن چەندین حەتمیەتی مێژوویی و بایۆلۆژی و ئابووریەوە کۆنترۆڵکراوە و سیاسەتی گەندەڵی میکاڤیلیانەش پتر دەستی وەرداوەتە ناو ژیانی سروشتی مرۆیی و سایاسی و گەمەیان پێدەکات. ئەم شیکارەی ئارێنت بووە هۆی دەرخستنی ئەو کەلەپورە داپۆشراو و سروشت ئەڵەیەیەی، کە چاوەڕوانی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیەتمان لێی هەبوو، ئەوەش بەلەرچاوگرتنی بڵاوبوونەوەی سیاسەتی گۆشەگیری و گەشەسەندنی رەوتی دژە شارستانیەت و قین لەیەکتری و جیاکاری و ئاوابوونی بەرژەوەندی هاوبەش و پێکەوە ژیان.

ئەو مەترسیەی کە هەڕەشەی لە کایەی سیاسەت کرد، بریتی بوو لە ئاڵوگۆڕی ئایدیۆلۆژیەتی تۆتالیتاری بۆ ئایینێکی نوێ لەنێوان سنەمکاری و دڵڕەقی و تێکەڵبوونی تایبەت و گشتی و پەککەوتنی هەر ئەگەرێکی پێکهێنانی رای گشتی خاوەن فشار. ئارێنت تۆخمە تۆتالیتاریەکانی تیۆری ئایدیۆلۆژی مارکسیزمی خستەبەرباس، لەپێناو پێکهێنانی زانستێکی سیاسی نوێ کە تیایدا تیشک بخاتە سەر کێشەی تێگەیشتن و سیاسەت و خراپەی ریشەیی و گونجاندنی نێوان تاوان و سزا و مەحاڵبوونی لێبوردن، هەروەها پەنجەبخاتە سەر توانای مرۆڤی هاوچەرخ لەسەر کردەیەک، کە لە ژیانێکی تێرامانکارانەوە ژیان چالاک دەبینێ، بێ ئەوەی هیچ شتێک لەبارەی واقیعی ئەو ژیانە بڵێ، هەروەها بەستنەوەی پەیوەندی نێوان کەلەپور و جیهانی هاوچەرخ ماهیەتی سیاسەتمەداری و قەیرانی کولتور و پەیوەندی ئەو قەیرانە بە ئایدیۆلۆژیا و سنەمکاریەوە،

هـەروەهـا سەراسیمە بـووە لە هەڵکشان و بەردەوامیەتی سیستەمە ئۆتالیتارەکان و هـاوڕای مارکس بوو لەسەر زەرووورەتی هاتنەئارای گۆڕان و دابڕان لەگەڵ کەلەپوری گەورە بەگەڕانەوە بۆ جیاکاریەکەی مۆنتیسکۆ لەنێوان ئۆتالیتاریزم و ستەمکاری بەگرتنەبەری مێژویی یاسا و هێز وەک دوو کۆڵەکەی کلاسیکی هەموو فەرمانڕەوایەتیەک. هانا زانایان بەسەر سیاسەتمەداراندا باڵادەستدەکات، چونکە زانایان سەرقاڵی سروشتی مرۆیین، بەڵام سیاسەتمەداران سەرقاڵی پەیوەندی مرۆڤن و بەو هۆیەوەش ئەو پەند و وانانە فەرامۆش دەکەن، کە زادەی سروش و کردارن وەک توانستێکی بەرهەمهێنانی چیرۆک و کاروانی مێژوو وەک دوو سەرچاوە کە مانایان لێوە هەڵدەقوڵێ.

بەو شێوەیە دیدگای زانستی سیاسی ئارێنت نرخ و بەها بە هەمەچەشنی و جیاوازی دەدات، چونکە «فرەیی یاسای زەوییە»هەروەها لەبەر ئەوەی «سیاسەت لەسەر یەک واقیع هەڵدەچنرێ، کە ئەویش برینیە لە فرەیی مرۆیی»، بە مانایەکی دیکە سیاسەت برینییە لەو ئاکە چالاکیەی کە راستەوخۆ خەڵکی دەخاتە شانی یەکتر و بوونی هیچ مرۆڤێک بوونێکی ئاکەکەسیانە نییە. «ئەگەر مرۆڤ بژێ ئەوە لەنێو دڵی هاوشێوەکانی خۆی و باوەشی شاردایە و دابڕانی لە خەڵکی مانای مردنیەتی»، پاشان بابەتی سیاسەت تەنها مرۆڤ نییە، بەڵکو بوونی مرۆڤە لە جیهاندا، و جیهانیش ئەو شوێنە گونجاوەیە، کە تیایدا کاری سیاسی و ئەو فەزا گشتیەی تیایدا لەدایک دەبێ کە تیایدا خەڵکی بەرژەوەندی و خەم و هۆشیاریەکانی خۆیانیان بەشدەکەن تا ئەو کاتەی لەسەر ئەم هەسارەیە بژین. لەو سۆنگەیەوە ئارێنت جیاوازی لەنێوان جیهان و زەوی و سروشت دەکات، جیهان ئەو گریمانە پێش وەختەیە، کە زۆر پێویستە بۆ هەبوونی سیاسەت، بەڵام بۆ ئەوەی جیهان هەبێ، هەر دەبێ بەرهەمی مرۆیی و بەرهەمی دەستکردی دەستی مرۆڤی هەبێ، پاشان جیهان بەبێ خەڵکی جیهانێکی مەحاڵە، بەپێچەوانەی سروشت و گەردوونەوە، کە دەکرێ بێ مرۆڤ و بە هەبوونی باقی بونەوەرانی دیکەوە بونیان هەبێ.

لێرەوە خەڵکی بوونیان نییە، مەگەر ئـەوەی جیهانێک بوونی هەبێ، هیچ جیهانێکیش بوونی نییە، مەگەر ئەوەی فرەییەک هەبێ و فرەییش تەنها دوو هێندەبوونی جۆر و دووپـاتـەبـوونـەوەی بێ کۆتایی هەمان نموونە نییە، بەڵکو لەدایکبوونی جیاوازی و هەمەجۆری ئاکەکەسە، بـەڵام هیچ فرەیی و کردەیەکی مرۆیی نییە، مەگەر ئـەوەی هەموومان مرۆڤین، واتە هیچ یەکێکمان کۆپی ئەوی دیکە نەبێ، کەوایە بـەرادەی هەبوونی گەلان، بەو رادەیە جیهان بوونی هەیە.

لەلایەکی تردا نائامادەیی ئەوینر مرۆڤ دەشڵەژێنێ و کەموکورتیەک لـە ژیانیدا پـەیـدا دەکـات و لە پێکەوەبوون و بوونی لەگەڵ ئەوینر



کارل یاسبیرس

و تێکۆشان لە پێناو ئەویدیکە بێ بەشی دەکات، هەروەها نائامادەیی ئەویدیکە دەرفەتی دەرکەوتنی لێدەستێنێتەوە، کە پێویستی بە ئامادەیی خەڵکانی دیکەیە تا دان بە ژیانی یەکتردا بنێن، دەرکەوتنی مرۆڤ بۆ خۆی بەس نییە، تا هەست بە بەردەوامیەتی و نەپسانەوە لە جیهان بکات و بۆ دەستەبەری حەقیقەتەکەشی هەر دەبێ ئەویدیکە بوونی هەبێ.

سروشتییە ئارێنت دیاردەی جەنگ ئاوتۆپێکات، ئەو خۆی لەو ئەزموونەدا ژیاوە و ناچار بەکۆچ و جەنگ و سۆراخی شوێنێکی ئارامی کراوە، ئاساییە هەست بە تۆقین لەو دیاردەیە بکات، چونکە ئاکامی جەنگ برینییە لە خاپورکردنی سەراپای کۆمەڵگەکان و لەنێوبردنی سیماکانی شارستانیەت و مەدەنیەت و بە کوشتنی کۆمەڵێک کەس، لەپێناو هێنانەدی هەندێ ئامانج دەستبەردار نابێ، لەنێووچوونی گەلێک واتە لەنێچوونی بەشێک لە جیهان لە رێگەی کردارێکی بێ پاساو و لەقەرەبووو بەدەر، هەروەها واتە کەوتنە ناو دیدێکی کورتکردنەوە و دنیابینیەکی تەسک، بەڵام سیاسەتمەداران بیریان چوەتەوە، کە ئێمە خۆمان لە ناو جیهانێکداین کە تیایدا نیشتەجێین و رازاندومانەوە و تەنها ئەوە نییە بوونەوەرێک بین و فڕێ درابێنینە سەر ئەم جیهانە.

ئارێنت لەم بارەوە دەڵێ: «لەو سانەوەختەی بیر لە رووداني جەنگێک دەکەینەوە، کە ئەگەری بوونی مرۆیی لەسەر زەوی لەنێو دەبات، ئەوە گەمەکردن لەنێوان ئازادی و مەرگدا، بەهاو و کارایی خۆی لەدەستدەدات»، چونکە لێرەدا مرۆڤ لەو جیهان و گەلە بێ بەش دەبێ، کە ئینتیمای بۆی هەیە، هەروەها بێ بەش دەبێ لە فەزای دەرکەوتن و هەمووو ئەو شتانەی بۆ هەموان دەردەکەون و ناومان لێناوە بوون، و کاتێک ئەمریکا وەک نمونەی وڵاتێکی ئازاد هێزی ناوەکی لە جەنگدا بۆ داکۆکیکردن لەخۆی بەکاردەهێنێ و پارێزگاری لە ئازادی دەکات، ئەوە لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە پێکدژییەوە، چونکە دەتوانێ بە تەنها بە پشت بەستن بە یاسا ئەو شتە وەدیبهێنێ، پاشان بەرپرسیارەتی ئەو کاولکارییە لە ئەستۆ دەگرێ، کە هەموو رۆژێک گەردوون رووبەرووی دەبێتەوە».

ئاکامی ئەو توندوتیژیەی هاوشانی چەکی ناوەکیە، ئارێنت لە هەندێ چەمکی وەک ئازایەتی و سەرکێشی دەکەوێتە گومانەوە، کە هەندێ بوونەوەری کاتی نیشانیدەدەن و


هایدگەر

داوای لەبەرچاوگرتنی بەرپرسیارەتی ژیـان لـەسـەر زەوی و بەهای پارێزگاریکردن لە بەردەوامیەتی ژیانی مرۆیی لە ئایندەدا کردووە، هەندێ ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی وەک رەگەزپەرستی و تۆتالیتاری هـەن، وەک چـەمـکـی لۆکاڵی جیادەکرێنەوە کە ئەویدیکەیی رەتدەکەنەوە و فرەیی وەلادەنێن و لەسەر هاوشێوەیی دەمێننەوە، بۆیە هانا چەمکگەلی جیهان و فرەیی و گۆشەگیری و زەوی بەکارهێناوە، تا دەریبخات کە دوو جۆر بوونەوەر هەن: یەکەمیان بێ بەشە لە جیهان وەک ئاژەڵ و بەرد، کە جیهانیان نییە سەرەڕای ئەوەی بەشێکن لە جیهان، ئەوان لە جیهان بێ بەشن، بـەڵام مـرۆڤ لەناو جیهاندایە و تیایدایە و دەوڵەمەندی کردووە. بێ بەشبوون لە جیهان ئەو شتەیە، کە هەندێ لەگەلان بەدەستەوە دەناڵێنن، ئاکامی ئەو بێ بەشیەش برینیە لـە لەدەستدانی گەرمی و بەستوویی و کەڵەکەبەستن و خەڵکی قیبلەنومای خۆیان ونبکەن و توانستی ئامادەباشی لە دەرەوەی هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەدەست بـدەن تا لەژێر خـۆردا شوێنێک هەڵوەشێنەوە. بێ بەشبوون لە جیهان ئەو شتەیە کە هەندێ گەل و وڵاتی ونبوو بەدەستیەوە دەناڵێنن و هۆکارەکەشی جەنگ و توندوتیژی و دوورخستنەوە و رقە، ئەوەی جەنگ لەنێویدەبات برینیە لە فرەیی لەجیهانی ئەو پەیوەندییە مرۆییانەی کە کاتێک خەڵکی قسە دەکەن و بەشێوەیەکی دیاریکراو و هەمەجۆر دەجولێنەوە پێکدێ، بەڵام ئەوەی لێرەدا تۆقێنەرە تەنها جەنگی کاولکار و بۆمبی ئەتۆم نییە، بەڵکو هەژموونی فیکری ئەلیکترۆنیە، کە خەڵکی لە پەیوەندی و کارلێکردن بێبەشکردووە، ئارێنت خـوازەی بیابان و مێرگی بەکارهێناوە تا گـوزارشـت لـەو بـێ بەشبوونە لە جیهان بکا و پشتی بە نیچە بەستبووە کەلە کتێبی وەهای گوت زەردەشت باسی لەدرێژبوونەوەی بیابان وەک زاڵبوونی ئای ئەرازووی نەبون بەسەر ئای بووندا کردووە: «بیابان فراوان دەبێ، هاوار بەماڵی ئەو کەسەی بیابان دەیپارێزێ»، بێ بەشبوون لە جیهان بەگوێرەی قسەی ئـەو رێگریمان لێدەکات لـەوەی ئینیمامان بۆ مرۆڤایەتی هەبێ و دەمانگەڕێنێتەوە بۆپێگەی ئاژەڵ و رۆڵی دەبێ لە زیادکردنی جوڵەی فراوانی بیابان وهەڵکشانی بـەرەو سەوزایی و سـەرزەمین و هەڵلوشینی ئابلۆکان وەک هێمای بەپیتی و ژیان.

راستـە جـیـهـان لـە چـەرخـی نیچەدا هێشتا بـێ ئـاگـابـوو لە جەنگە گەردوونیەکان و کاولکاری سەرئاپاگیر و ئـەوکـات خـەڵکی خاوەنی باوەڕبوون و متمانەیان بە پێشکەوتن و رۆشنگەری هەبوو، بۆیە ئاکە بەدبەختێک کە گومانی لە سەرکەوتنی ئاکەکەسی هاوچەرخ هەبوو و ئەم پرسیارەی خستەروو :»ئایا مرۆڤە وەک مرۆڤ ئامادەیە بۆ زاڵبوون بەسەر زەویـدا؟»«، بە مانایەکی دیکە دەبێ چی بەسەر مـرۆڤـی رۆشـنـگـەری کلاسیکیدا هاتبێ، تا بتوانێ زەوی بخاتە ژێـر دەسـتـی خـۆی و قسەکانی

**خەڵکی بوونیان نییە، مەگەر ئەوەی جیهانێك بوونی هەبێ، هیچ جیهانێکیش بوونی نییە، مەگەر ئەوەی فرەییەك هەبێ**

تـەورات تـەواو بـکـات؟، چونکە مرۆڤی کلاسیکی دوایین مرۆڤە و بەهۆی پەروەردە و بونیەوە ناتوانێ تەماشای ئەودیوی خۆی بکات و بەسەر دەستکەوتەکانیدا باڵاتر بێ، واتە ناتوانێ بێتە مرۆڤێکی باڵاتر جۆش وخرۆش بنێرێ و لەگەڵ ئازار ئاشت بێتەوە.

بەڵام بە قسەی ئارێنت نیچە بەهەڵەدا چووە، چونکە پەی بەوە نەبردووە، کە کانیاوی بیابان ئێمەی مرۆڤین، نەبوون لە ناوەوە بنکۆڵمان دەکات و خود بە ئەنکەهەورێک گەمارۆدراوە، بۆیە پێویستە مرۆڤ نیشتەجێیەکی هۆشیاری ناو بیابان بێت، هەروەها پێویستە هیوای بە چاوەڕوانی و ئەو مرۆڤە هەبێ کە رێگە بە هاتنەئارای بوونەوەرێکی تـازە دەدات کـە هەڵگری شتی چاوەڕوانکراو و نەگوتراوە، ئەوەش مرۆڤێکی سەیر و نامۆیە و جیهانێکی

## جەنگ لەم چەرخەی ئێمەدا بووەتە کارەساتێکی باو و بووەتە هۆی گۆڕینی جیهان بۆ بیابانێکی قاقڕ

جیاواز لەو جیهانەی تیایدا دەژین، دادەمەزرێنێ.

ئەگەر هایدگەر سەرسامی گریکەکان و میرائەکانیان وەک هونەر و فەلسەفە بووبێ، ئەوە ئارێنتی قوتابی لەو بوێرانەتر شەیدای ڕۆمانەکان بووە، لەوەی گەلێکی سیاسیی بوونە و بەشدابوونە لە بونیادنانی جیهانی هاوچەرخ و دەرکەوتنی سیاسەتمەداری بلیمەت، کە خودێکی دامەزرێنەرە و بۆ ریزی یاسادانان شەونخونی کردووە، بەڵام چۆن ڕۆمانەکان جیهانیان گۆڕی و لە دۆخی بیابانەوە گواستیانەوە بۆ دۆخی مێرگ؟.

بنەمای گۆڕینی گەردوون لەلایەن ڕۆمانەکانەوە بریتیە لە کەوتنە پێشەوەی سیاسەتی بیانی نامۆ لەو چۆنیەتیەی، کە بەهۆیەوە جەستە پەیوەندییەکانی خۆی ڕێک دەخات، ئەو سیستەمە سیاسیە بێ وێنە پێشخراوە و لە ڕێگەی داڕشتنی یاساوە جیهانێکی دیکەی خولقاند، ئەو یاسایەش وەک پەیوەندیەکی ئەقڵانی نێوان تاکەکان و ئەو دەزگایانەی بە ئەنگ پاراستنی تاکەکانەوە بوو، لەبری سروشتی حوکم گرنگی بە پرەنسیپ دەدا.

بیابان کاتێک دەسندەکات بە فراوانبوون و لەنێوبردنی هەموو ئەو شتانەی دێنە سەرڕێی، کە دەسندرێژی دەکرێتە سەر یاسا و خەڵکی لە پەیوەستی بە جیهان و ئەویترەوە بێ بەش دەبێ، هەروەها کاتێک ئەو مەترسیەی لە سیستەمە تۆتالیتارەکانەوە دێ، گەشە دەستێنێ و جەنگی پوچگەرایی گڕ دەدا، کە گۆڕەپانی پەیوەندیە مرۆییەکان رادەماڵێ. جەنگ لەم چەرخەی ئێمەدا بوەتە کارەساتێکی باو و بووەتە هۆی گۆڕینی جیهان بۆ بیابانێکی قاقڕ، بەتایبەت کاتێک هاوسەنگی نێوان توانای بەرهەمهێنان و توانای تێک و پێکدان بنکۆڵدەبێ، ئارێنت جیاوازی لەنێوان بیابانی دڵڕەقیی و بیابانی ستەمکاری تۆتالیناری دەکات، بیابانی دڵڕەقیی هێشتا فەزایەکی فراوانە و دەکرێ لەدەستی هەڵبێین و پەنا بۆ شوێنە دوورەکانی ببەین، هێشتا فەزایەکە ئازادی دەستەبەر دەکات جا با لە شێوە لەخۆباییەکەشیدا بێ، هەڵاتن شوێنێک بۆ جوڵە و کردە دەهێڵێتەوە، بەڵام بیابانی ستەمکاری داخراوە و ڕامالەر و داماڵراوە و هیچ هیوایەکی جوڵە و ئازادی بۆ خەڵکی نەهێشتوەتەوە، تیرۆری تۆتالیناری تەنها ئازادی ناڕوخێنێ، بەڵکو بیابانی ترس و هەموو توانستی بیرکردنەوە و کردار و خواستیش دەڕوخێنێ، کاتێک هانی خەڵکی دەدات بۆ تێکشکاندنی یەکتر و دەستبەرداربونیان خەسڵەتی فرەیی و لێکدانیان لە مرۆڤێکی بێ وێنەی خاوەن رەهەندی باڵا.

کاتێک پیاوی سیاسی، فرەیی لە یەکێتیەکدا لێکدەدا و فەزای هاوبەشی نێوان ئەو خەڵکە تێکدەڕوخێنێ، کە تایبەتمەندی و خەسڵەتێکی جیهانە، هەروەها مرۆڤ لە مێرگەوە وەردەنێ بۆ بیابان و گۆشەگیری، ئەوە ئەو پیاوە هیچ لەبارەی سیاسەتمەدارەوە نازانێ، لێرەدا ئارێنت جیاوازی لەنێوان یەکێتی و گۆشەگیری دەکات، گۆشەگیری مانای ئەوە نییە، تەنها و تاکیەتی خۆمان ببینینەوە، بەڵکو مانای ئەوەیە هەست بە غوربەت و لەدەستدانی بکەین، سەرەڕای ئەوەی لەنێو خەڵکیشدا دەژین، و ئەوەی ئێمە لە فەزای سیاسیدا ناومان لێناوە گۆشەگیری، ئارێنت پێیدەڵێت ڕەشبینی و وەڕەسبون لەکایەی پەیوەندییە مرۆییەکاندا، گۆشەگیری واتە بێ توانایی تا ئەوکاتەی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان تاکەکان پچڕابێ و تۆتالیناریزم دەسەڵاتەکانی خۆی خستبێتە سەر کایەی تایبەتەوە بە ناوی پاراستنی کایەی گشتی لەهەمو دەستدرێژیەکی دەرەکی و یاخیبوونێکی ناوەکی و فەراهەمکردنی ئاسایشی هەموان و سەپاندنی سیستەم بەسەر هەمووواندا. گۆشەگیری لەڕووی ئەوەی پچڕاندنی پەیوەندییە لەگەڵ ئەویتردا، مەترسی گۆڕان بۆ

رەشبینی و وەڕەسبوون لەخۆیدا هەڵیگرتووە، بۆیە فرەیی گەلان و هەمەجۆری کولتور و پەنابردن بۆ ئەقڵی پەیوەندی و ئاکاری دان بەکتردانان و تێکۆشان، لەو پێناوەدا هەموو ئەمانە کاروبارگەلێکی زەروورین بۆ دەستەبەرکردنی حەقیقەتی نیشتەجێبوون لەسەر زەوی.

جێی داخە کە مرۆڤ لە دۆخی رەشبینیدا تەنها لە هاوڕێیەتی مرۆڤێکی دیکە بێ بەش نییە، بەڵکو لەهاوڕێیەتی خۆیشی بێ بەشە، رەشبینی تەنها داڕوخاندن و لەسێدارەدان و تاریکی نییە، بەڵکو تایبەتمەندی ئەو بیابانەیە کە ئایندە لە بووندا دەسڕێتەوە و رێگە لە هەموو هەڵقوڵانێک دەگرێ و بیابان چەندین مەترسی لەخۆیدا هەڵگرتووە، وەک زریان و گێژەڵوگەی لمین، کە ژیانی مرۆڤ دەخاتە بەر مەترسی و گەمارۆی دەدات. خوازەی بیابان لای ئارێنت نمونەیەکی سیستەمی تۆتالیتارییە و خوازەی مێرگ نمونەی سیستەمی دیموکراسی و فەرمانڕەوایەکی پێگەیشتووە، سیستەمی تۆتالیتاری بیابان دەخاتە دۆخێکی چالاک و ئامادەباشیەکی بەردەوام تا فراوان بێ و هەمووان هەڵلوشێ، بەڵام ئەم سیستەمە لەدووتوێی خۆیدا، هەڵگری تۆوێ لەناوچوونی خۆیەتی، بەشێوەیەک ئەو مرۆڤەی تیایدا دەژی، بێ ئومێد دەبێ لە هاتنەئارای جیهانێکی مرۆیی تازە و کۆی خەڵکی دەگۆڕێن بۆ ئاپۆڕیەکی تاڕادەیەک لەهەموو شتێک لێکچوو. بیابانی سیستەمی تۆتالیتاری دەوڵەمەندی و هەمەجۆری خۆشەویستی لای مرۆڤ دەسڕێتەوە، لەپێناو ئەوەی تەنها لەسەر فشاری پێویستی شتە بایۆلۆژییەکان بمێنێتەوە، بیابان لە سیستەمی تۆتالیتاریدا یەکسانە بە گونجان لەگەڵ ژیانی ئاژەڵیدا، واتە لەهەر کوێ خەڵکی هەستی بە کردە و هەڵچوون و توانای حوکمدان و رەتکردنەوە لەدەستبدەن تۆتالیتاریزم لەوێیە. سیستەمی تۆتالیتاریزمی خەڵکی تەنها لەبێ بەشبوونی هاوڕێیەتی ئەوانی دیکە و ئەگەری رۆڵگێڕان لە کاروانی رووداوەکان بێ بەش ناکات، بەڵکو وایان لێدەکات پێویستیان بە بیرکردنەوە و خواستی زانین نەبێ، و کاتێک بای بیابانی وشک دای بەسەر فیکردا، ئەوە توانستی لێکجیاکردنەوەی



هایدگەر

حەقیقەت و هەڵە و چاکە و خراپە و جوان و ناشیرین لەنێو دەچێ، بەکورتی مەترسی بیابان مەترسی داماڵینی کۆی مرۆڤدۆستیە لەمرۆڤ و مەترسی گەورە لای ئارێنت لە بوونی شێوەی یاخیبونی مێرگ خۆی دەنوێنێ، واتە لە کۆی کایەکانی ژیـان کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ بوونی هەیە و زادەی دۆخە سیاسیە ئەڵتەرناتیڤەکانە یاخی دەبێ.

ئەگەر مێرگەکان لە گەشەسەندن و زیادبوون وەستان، ئەوە دەرفەتی ژیان لەسەر زەوی کەمدەبێتەوە، چیتر لە بیابانی قاقڕدا شنەبایەکی فێنک و هەوایەکی پاک هەڵنامژین، مێرگ مانای پشوو و رابـواردن و کەیفسازی و پاڵدانەوەنییە، بەڵکو ئاماژەیە بە جیهانی رۆشنبیری و فیکر، کە فەلسەفەی گەیاندە ژیانێکی فرە رەهەند، کە خەڵکە ئازادەکەی دەرەوەی هەر سیستەم و بەجۆریکردنێک تیایدا دەژیـن. مێرگەکان ئەو جیهانەن کە دەکرێ لەرووی هەلومەرجەوە تیایدا لەگەڵ خۆماندا یەکبگرین، لەپێناو گەڕانەوە و ئاشنابوونەوە بەوی دیکە، مێرگ دڵئارامیەکی تێڕامانکارانەیە لەو بیابانەی کـە ئـەگـەری هـاوکـاری بە روحێکی تـازە و دەڕخستنی بارگاویبوونێکی جیاواز دەڕەخسێنێ، لەپێناو گەڕانەوە بۆ ژیانێکی چالاک لە چوراچێوەی دراوسێیەتی مرۆیی. هانا ئارێنت لەکۆی بەرهەمەکانیدا لە وشەی نهێنی (mot d›ordre) کۆڵیوەتەوە کە فیکر و کردە، کولتور و ژیـان، ژیانی تێڕامانی و ژیانی چالاکی کۆدەکاتەوە، ئەو بەم شێوەیە پێناسەی فیکری کـردووە: «فیکر تاکە چالاکیەکە کە بۆ کارابوونی تەنها پێویستی بە خۆیەتی». مێرگ لای ئارێنت ئەڵتەرناتیڤی بیابانە، رێـک وەک ئـەوەی خـۆر دێ تا جێگەی تاریکی بگرێتەوە، یان ئاسودەیی و کامەرانی جێگەی خەم و دەردەســەری بگرێتەوە، مێرگ کانیاوێکە لەهێز وامـان لێدەکات بەرگەی بیابانی دڵڕەقی بگرین بێ کۆڵدان و نیگەرانی، بەڵام ناکرێ ئەو مێرگانە خۆیان بگۆڕن بۆ مەترسیەک هەڕەشە لە مرۆڤ بکەن؟.

هـەڵاتـنـی مـرۆڤـی رەفـتـار بەبیابانبوو بۆ مێرگ، لەگەڵ خۆیدا مەترسی بەبیابانکردنی مێرگەکان هەڵدەگرێ و پەتای بەدبەختی لـەسـنـوری پشتێنەی دەرەکـی خۆیەوە دەگوازێتەوە بۆ ناوجەرگە و سەنتەرەکەی، بەلەبەرچاوگرتنی ئـەوەی بیابان بریتیە لە جیهانی رواڵـەکـان، بـەڵام مێرگ جیهانی جـەوهـەری هـەقـە، وێـنـەی لمی بزۆز وێنەی فیکرێکە بێ ژیان و بێ کولتور چالاکە، تەنها ئامێرێکی ژماردنە و ئەقڵێک نییە پرەنسیپ و بەها و ئەو سیاسەتەی هەبێ، کە بیەوێ بەرەنگاری تۆتالیتاریزم ببێتەوە، پێویستە بیابانیش ئەو فیکرە ژمێرکارە تێک بشکێنێ و بیگۆڕێ بە فیکری مێرگی لەگەڵ خۆیدا تەبا و شەیدای دڵنیایی و ژیان و فرەیی و هەمەجۆری، فیکری مێرگ فیکرێکی دەوڵەمەند و پێکهاتووە و تەنها فیکرێکی سادە و پوختکراوە نییە.

ئامانج گـەڕان نییە بـەدوای قـوتـاربـوونـدا، بەڵکو گەیاندنی مرۆڤایەتیە بـە باڵاترین رادەی تەندروستی و یەکسانی لەهەموو توانستەکان، ئەوەش بە پاراستنی لە کڵپەی بیابان بە شێداری مێرگ و چڵەسەوزەکان و لەدواجاردا ئارێنت وەڵامی پرسیارە تێودارەکەی لینین: کـار چییە؟، دەداتــەوە و دەڵـێ: «کار ئەوەیە جیهانێک دابمەزرێنین تیایدا لەرووی کار وفیکردەوە ئازاد بین، ئەو جیهانە تازەیە پێویستی بە سیاسەتێکی تازەیە»، ئەی ئەو تیۆرە سیاسیە ئەڵتەرناتیڤە کامەیە کە مرۆڤایەتی لە پێگەی بیابانی گڕگرتۆوە دەگوزاێتەوە بۆە پێگەی مێرگی پڕ ژیان.

**سەرچاوە:**

ساینی ئیلاف

پەراوێزەکان:


Hannah Arendt quest-ce que la politique ? traduction Sylvie Courtine- Denamy Ed Seuil

Hannah Arendt Condition de lhomme moderne Traduction Georges Fradier Préface de Paul RicŒur Ed Calmann-lévy, 1961 et 1983

[1] Hannah Arendt quest-ce que la politique ? traduction Sylvie Courtine- Denamy Ed Seuil P44

[2] Hannah Arendt Condition de lhomme moderne Traduction Georges Fradier Préface de Paul RicŒur Ed Calmann-lévy, 1961 et 1983